# کوردێتی حکومەت

سەردار عەزیز

حکومەت یان دەوڵەت، چەمکێکە لە ئاگایی مرۆڤی کورددا لە ئاڵۆزیەک ئالاوە. ئاڵۆزیەک کە چەندین رەهەندی جیاواز و هەندێ جار دژبەیەکی هەیە. لە سەرەتاوە کورد نەتەوەیەکی بێ حکومەتە، لە راستیدا گەورەترین نەتەوەی بێحکومەتی دونیایە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەت لە کۆمەڵگای کوردی و لە ئاگایی کوردیا بوونی نیە. بۆیە ئەگەر زیاتر ئەو ووتەزایە روون کەینەوە دەڵێین؛ لە سەردەمێکا کە بەسەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی ناسراوە، کورد گەورەترین نەتەوەی دونیایە کە خۆی، وەک نەتەوەیەک، حوکمی خۆی ناکات. لەبەر پێکەوە گرێدانی نەتەوە و دەوڵەت، نەبوونی دەوڵەت، بوونی نەتەوەیی کوردی رووبەرووی قەیران کردوەتەوە. بەڵام لێرەدا من قسە لەسەر، نەتەوە ناکەم، بەڵکو ئەوەی زیاتر تیشکی ئەخەمە سەر، حکومەتە وەک دەزگایەک.

حکومەت وەک دەزگایەک بۆ کورد لە هەرکوێیەک بژی ئامادەییەکی نامۆی هەیە، بەو مانایە کورد وا لە حکومەت ناروانێ کە پێکهاتەیەک بێت هاتوەتە ئاراوە بۆ رێکخستنی ژیان و ژیاری ئەو. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ راستیەکی سادە، کە دەوڵەت لەم سەردەمەدا دەوڵەتی نەتەوەیە، بەو مانایە، پێکهاتەیەکە بۆ بەرێوبردنی یەک نەتەوە، چونکە بە ئامادەبوونی نەتەوەیەکی تر، یانی ئامادەبوونی کەلتورێ تر، زمانێ تر، شێوازێ تر لە ژیان، بۆیە دەوڵەتی نەتەوە لە برِی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن لە زۆربەی مێژوویدا هەوڵی قرکردنی ئەوی تری داوە، کوردیش یەکێکە لە قوربانیانی ئەم دەرئەنجامە. دەتوانین بە ئاسانی بڵێین سەدەی بیست سەدەی قرکردنی کەمە نەتەوەکان بوو.

لەبەرامبەر ئەمەدا ئارەزوویەک هەیە لە تاکی کورددا، ئارەزوویەک بۆ بوونی حکومەتێک یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربە-خۆی. لێرەوە لە ئاگایی مرۆڤی کورددا هاوکێشەیەک هەیە؛ ئامادەبوونی حکومەتێکی نەویستراو وە ئارەزوو بۆ حکومەتێکی خەیاڵیکراو. رەنگە لە کوردوستانی باشور هاوکێشەکە بە جۆرێکی تر بێت. لێرەدا من سەنگی تێروانینەکەم بۆ ئەو ناوچەیە دەبێت، لە باشور حکومەتی نەویستراو ئامادەیی نەماوە، لە هەمانکاتدا حکومەتی کوردی، کە حکومەتێکی ویستراوە، لە بەرامبەر خەونەکانی مرۆڤی کورددا نیە. ئەگەر لە ئیسماعیل بێشکچیەوە ئەو ووتەیە وەرگرین کە کوردوستان وولاتێکی کۆلۆنیالی کراوە ئەوا، حکومەتی کوردی لە باشور دەبێ وە ئەرکێکی ئەخلاقی لە سەرە کە بە پێچەوانەی دەسەلاتی کۆلۆنیالیەوە بێت. لەم زەمینەیەوە حکومەتی هەرێم ئەخەینە ژێر پرسیارەوە. لە پاش کۆتایی سەردەمی کۆلۆنیالی، لە دونیای سێ دەوڵەتی نەتەوەی دروست بوون.

بەڵام لەم روانگەیەوە مێژووی دونیای سێ، مێژووی ئەو وولاتانەی کە لە دەست کۆلۆنیالی رزگاریان بووە، موژدەیەکی خۆشمان نادەنێ. زۆربەی زۆری وولاتانی سێ بە شێوەیەکی تراژیدیایانە شکستیان هێناوە لە بەرێوبردنی کاروباری خۆیان، یان حکومکردنی خۆیان. لێرەوە مێژوونوسی ئینگلیزی ناسراو، نیل فیرگسن پێشنیاری ئەوە ئەکات کە پێویستە دونیا سەرلەنوێ کۆلۆنیالیزە بکرێتەوە، چونکە بەلای ئەوەوە ئەرکێکی ئەخلاقی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکایە کە دەست تێوەرداتە کاروباری ئەو وولاتانە بۆ ئەوەی لە دەست خۆیان رزگاریان کات.

لێرەوە زەمینە لە بارە بۆ ئەوەی بپرسین، ئایا حکومەت چیە؟ چۆن کۆمەڵگای کوردی ئەتوانێ ببێتە خاوەن دەزگایەکی وەها کە پێی دەڵێن حکومەت؟ دەزگایەک کە مرۆڤی کورد هەست بە نامۆیی نەکات بەرامبەری؟ دیارە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسی و ئەنترپۆلۆژیەوە ئەدەبیاتێکی زۆر هەیە دەربارە حکومەت، بەڵام من هەوڵئەدەم لە داهاتوودا ئەگەر بوار هەبێ لە ئەفلاتونەوە تا هایەک و فریدمان بەو مێژووەدا سەفەرێ بکەم. ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە، کە چەندێک مرۆڤی کورد خەون بە بوونی حکومەتێکی سەربەخۆوە ئەبینێ لە بەرامبەردا ئەوەندە لە چۆنێتی و چیەتی ئەو حکومەتە بێئاگایە. بۆیە دەسەڵاتدارانی حکومەتی کوردی لە باشور هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە بەرامبەر پانتاییەکی بەتاڵدا بینیەوە سەبارەت چۆنێتی ئیشکردن و بەرێوبردنی کاروباری حکومەتی کوردی.

مرۆڤی کورد لە مێژوویدا کاتێک وەک کەمینەیەک لە ژێر دەسەلاتی ئەوانی ترا ژیاوە، هەردەم هەوڵدراوە پەراوێزبکرێ، بێدەنگ بکرێ لە ئیش بخرێ زۆرجاریش قرِ بکرێ. ئەم بارودۆخە کەلتورێکی هێناوەتە ئاراو، کە مرۆڤی کورد جگە لە ترس و بێدەنگی و یاخیبوون هیچی تری بەرامبەر بە حکومەت نەبێ. بۆیە سەرەتاترین هەنگاوو بۆ هەبوونی حکومەتێکی سەرکەوتوو لە ناخی مرۆڤی کوردەوە دەست پێئەکات. حکومەتی کوردی سیستەمێکی نوێیە، هەموو سیستەمێکی نوێ پێویستە ئەوەندە پاشخانەو کەلتووری هەبێ کە بتوانێ ئەندامەکانی بۆ ئامادەکات. بە مانایە تر لە بەرئەوە حکومەتی کوردی پێکهاتەیە نوێیە، پێویستە کار لە سەر سروشتی مرۆڤی کوردبکرێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت لە گەڵ ئەم پێکهاتە نوێیەدا بە جۆرێکی شارستانیانە هەڵسوکەوت بکات. لە مێژوودا نموونە زۆرە؛ باشترین

نموونە نامە فیدراڵیەکانی باوانی دامەزرێنەری ئەمریکایە؛ کاتێک جێمس مادسن و ئەوانی تر هەوڵیاندا لە ڕێی ئەو نامانەوە بانگەشە بۆ سیستەمێ بکەن کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
خەباتی نەتەوایەتی کورد، لە رووی گیان بەخشینەوە، سلێ نەکردوەتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا لە رووی کەلتوری و فیکرەوە هەژاریەکی زۆری پێوە دیارە. هەر ئەم هەژارییەیە کە دەبێتە هۆکارێکی بنەرەتی لە ئەنجامدا حکومەت وەک دەزگایەک دەبێتە مایەی نائومێدی لای مرۆڤی کورد.
دیارە مێژووی خەباتی کوردی دەکرێ بکرێتە کەرەستەی کەلتورێک کە جوانترین حکومەتی لێ وەبەرهەم بێت. بەڵام لە هەمانکاتدا رەنگە ببێتە کەرەستەی قۆرخکردنی دەسەلات لە دەستی کەمینەیەکدا. ئەم مەترسیە گەورەیە چونکە ژێرخانی کۆمەلاتی و باری دەروونی مرۆڤی کورد ئامادەیە بۆ ئەوەی وەک مێگەل لە ژێرسایەی کەمینەیەکدا بژی. ئەگەر بەووردی چاودێری رووداوەکانی کوردوستان بکەین، ئەو راستیەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە ئەوەی لەوێ رووئەدات، لە رێپێوان و خۆپێشاندان و کاری تر، بەزۆری گەرانە بەدوای ئاغایەک یان باوکێکی بەهێزدا. لە سەردەمی شورشی خوێندکارانی ساڵی 1968 لە پاریس، جاک لاکان ووتی، قوتابیان بۆ ئاغایەکی تر ئەمە ئەکەن.
لە کوردوستان هەردەم داواکاریەکان ئەوەیە؛ ئەی حکومەت وەرە ئەوەمان بۆ بکە. ئەم بانگەشەیە بەخشینی دەسەلاتی زیاترە بە حکومەت. بچوکردنەوە و دەستەپاچەیی مرۆڤە. هەر لە پۆلسەوە، یان دەوڵەتی شاری یونانی، هەردەم حکومەت بۆیە هەبووە بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی لە گەڵ هاولاتیاندا کاروباری کۆمەڵگا بەرێوەبات. کەواتە حکومەت، کە نوێنەری دەسەلاتی کۆمەڵگایە، دەبێ بەو کارانە هەستێ کە هاوولاتی بە تاکێتی خۆی بۆ ناکرێت. ئەم ووتەزایە لە هەمانکاتدا ئەوەشمان پێدەڵێت کە دەوڵەت پێویستە زۆرترین ئازادی بە تاکەکانی بدات و برودۆخێ برەخسێنێ بۆ ئەوەی بە کاروباری خۆیان هەستن.
ئەم بیرۆکەیە بە مانای ئەوەنیە کە حکومەت دەبێ لاوازبێت. هەرچەندە لیبرال و نیولیبرالەکان بانگەشەی ئەوەئەکەن؛ بەلای ئەوانەوە حکومەت چارەسەرنیە، بەڵکو کێشەیە. بەلام لە ئێستای کوردوستاندا، کە لە ساتەوەختی دروستبووندایە، حکومەت پێویستە، بەلام وەک فوکۆیاما لە دوا کتێبیدا باسی لێوەئەکات، حکومەتی لاواز حکومەتێکی بێتوانایە. بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە حکومەت لەو بوارانەی کە پێویستە بەهێزبێت، دەبێت بەهێزبێت و لەو بوارانەی کە پێوایستە لاوازبێت پێویستە لاوازبێت. بۆ نموونە، لە بواری پێویستیە گشتیەکاندا، وەک؛ خوێندن، تەندروستی، بەرگری، رێگاوبان، حکومەت پێویستە بەهێزبێت؛ بەلام لە بوارەکانی، ئازادی، رادەربرین، کارکردن، خێزان، کاروباری کەسایەتی حکومەت پێویستە بەهیچ شێوەیەک دەست تێوەرنەدات، بەڵکو تەنها رۆڵی پارێزەری ئەو مافانە ببینێت.
حکومەت دەزگایەکە کە کاروباری کۆمەڵگاو کەسەکانی بەرێوەئەبات. ئەم ئەرکە کە حکومەت بەجێی ئەهێنێ وا لە حکومەت ئەکات کە ببێتە خاوەنی دەسەلات. دەسەلاتیش بۆ ئەوەی بەرقەرار بێت پێویستی بە هێزە. کەواتە ئەگەر دەسەلاتی حکومەت بریتی بێت لە دەسەلاتی خەڵک، وەک سەرەتاترین میتۆدی دیموکراسی، ئەوا دەسەلاتی حکومەت لە کۆمەڵگادا پێویستە تاکە دەسەلات بێت. بۆیە سەیر نیە یەکێک لە بنەرەترین پێناسەکانی حکومەت، بە تایبەت حکومەتی مۆدرێن، دەڵێت؛ تەنها حکومەت لە رووی یاساییەوە مافی ئەوەی هەیە هێز یان توندوتیژی بەکاربهێنێت، ماکس ڤیبەر، وا ئەڵێت. لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرێوەبچێ پێویستە رێکبخرێ. ئەم رێکخستنە، پێویستی بە دەزگایەکی خاوەن هێز هەیە. دیارە هێزیش بۆ ئەوە ببێتە هێزێکی رەوا ئەوا پێویستە لە سەرچاوەیەکەوە رەوایەتی وەرگرێ. لە حکومەتی دیموکراسیدا تاکە سەرچاوەی رەوایەتی هاوولاتیانە. بۆیە حکومەت بۆ ئەوەی مافی هەبێ هێز بەکاربهێنێ پێویستە ئەو حکومەتە لەلایەن زۆرینەی هاوولاتیانەوە رەوایەتی پێدرابێت، ئەمەش تەنها لە دیموکراسیدا بەدی دێت.
بەلام کاتێک حکومەت دەبێتە خاوەنی هێزێکی وەها گەورە، هێزی هەموو هاوولاتیان، لە هەمانکاتدا لەلایەن کۆمەڵگاوە رەوایی پێئەخشرێ، ئەرکی ئەوەی لەسەرە کە بەرپرسیاربێت لەبەرامبەر ئەو هێزو رەواییەتیەدا. بۆیە بونیادی حکومەت یان ئەندازەی حکومەت ئەرکێکی گرانەو پێویستی بە لێزانی توانای گەورە هەیە. چونکە هەردەم مەترسی ئەوە هەیە ئەم دەسەلاتە لە دەست کەمینەیەکدا کۆبێتەوە و پاشان خراپ بەکاربێت، ئەوا دەبێت حکومەت بەجۆرێ دارێژرێ، کە دەزگاکانی چاودێری یەکتربکەن و یەکتر هاوسەنگکەن. لێرەوە حکومەتێک ناتوانێت بە خۆی بڵێت حکومەتێ دیموکرات کاتێ دادگا تیایا سەربەخۆ نەبێت، پەرلەمان کارا و چاودێر و بریاردەر نەبێت، حکومەت بەر پرسیار نەبێت، میدیا سەربەخۆ نەبێت.

دیموکراسی بوونی حکومەتی هەرێم لە عێراقدا ئەرکێکی هەنووکەییە. دیموکراسی راستەقینە یارمەتی هاوولاتی کورد ئەدات، کە ئازادبێت، بروای بەخۆی بێت، هەست بە جوادایی بکات لەگەڵ بەشەکانی تری عێراقدا، جودابیەکی پۆزەتیف. ئەم سیفەتانەو زۆری تریش وا لە دەسەلاتی کورد ئەکات لە عێراقدا کە دەسەلاتێکی بەهێزو خاوەن رەواییەتیکی بەهێزتربێت. گەورەترین هەنگاوو لە هێنانەدی ئەم ئەنجامەدا بونیادنانی پەرلەمانێکی بەهێزە. پەرلەمانی ئێستای حکومەتی هەرێم، پەرلەمانێکی مردوە. پەرلەمانی زیندوو ئەو پەرلەمانەیە کاتێک هاوولاتیەکی کورد لە کەناڵەکانی تەلەفزیونەوە دیمەنێکی بەرێوبردنی دانیشتنێکی پەرلەمان ببینێت، هەست بکات کە لەوێدا کەسێک هەیە نوێنەری ئەوە لە بری ئەو قسەئەکات.

بۆئەوی ئەمە بێتە دی پێویستە شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان بگۆردرێت، پێویستە کوردوستان بکرێتە ناوچەی بچوک بچوکەوە ئەوانەی کە بۆ پەرلەمان خۆیان هەڵدەبژێرن لە پارتە جیاکان بن و راستەوخۆ لە گەڵ هاوولاتیاندا مامەڵەبکەن. لێرەوە کەسێک ئەندام بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر هاوولاتیان نەک پارتەسیاسیەکە، هەر ئەندامێکی کارا کە هاوولاتیان دەنگی بۆ بدەن پارتەکەی ناچارە بیکاتە نوێنەر، بەم شێوەیە نوێنەری هاوولاتیان دەبێتە ئەندام پەرلەمان، نەک دەمراستی حیزب. ئەم شێوازەی کە ئێستا هەیە گرانە پێی بوترێ دیموکراسی، کاتێک ئەوەی لە پەرلەماندا وونە کێشەی هاوولاتیانە، مشتومرە، جیاوازیە، دەرخستنی لاوازی و هەڵەکانی حکومەتە.

بیرۆکەی جیاکردنەوەی بەشەکانی حکومەت دەگەرێتەوە بۆ مۆنتێنیسکۆ، پێکەوە ژیانی هاوولتیان و حکومەت بە ئاشتی پێکەوە دەگەرێتەوە بۆ جۆن لۆک؛ هەردوو ئەم گەورە فەیلەسوفە کارێکی گەورەیان هەبوو لە سەر دارشتنی حکومەتی ئەمریکی لای باوانی دامەزرێنەر و نوسینەوەی دەستووری ئەمریکی.

مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی ببێتە هاوولاتی پێویستە نەک هەر داوای ماف بکات بەڵکو دەبێ ئەرکەکانی بەجێبهێنێت. ماف و ئەرک هەردەم پێکەوەن وە پێویستە لەیەک جیانەبنەوە.

حکومەت بۆ ئەوەی حکومەتێک بێت کاروباری کۆمەڵگا بە شێوەیەکی پێویست بەرێوەبەرێت، ئەوا پێویستە لە کۆمەلگاوە نزیک بێت، زانیاری نوێی و بەردەوامی هەبێ، ئەم زانیاریانە دەبێ لە دەزگای تایبەت و سەربەخۆوە بەدەست بێن، کە لەشێوەی تانکی فیکریان (ثنک تانک).